# پێگەیشتن بە سوسیالیزم

بەشی ۲




**نووسینی: هێری مێگداف، فێرد مێگداف**

**ناسری ئەمین نژاد کردوویە بە کوردی**

## ب . سەرمایەداری و بارودۆخی مرۆڤ

ئەو کەلوپەل، داهێنان، بیروڕوانگەی نوێ و پێشکەوتنە تکنۆلۆژییانەی کە سەرمایەداری لە مەودای جۆربەجۆری سیاسی خۆیدا سازیکردووە و پێکی هێناوە گەلێک زۆرترن لە هەموو ئەو دەسکەوتانەی کە بە درێژایی مێژوی پێش خۆی هاتوونەتە دەست. سەرمایەداریی پیشەیی وڵاتانی سەرەکی سەرمایەداری بە درێژایی نزیکەی ٢٥٠ ساڵ ـ جگە لە چەند مەودایەکی دەگمە و گرینگی وەک دابەزینی توندی ئابوری، قەیران و شەر ـ بەردەوام لە گەشە و پێشکەوتندا بووە. بەڵام با بزانین ئەم هەموو پێشکەوتنانە و گەشەی خێرا و مەزنی دەسەڵاتی ئابوری چ دەسکەوتێکی بۆ بارودۆخی ژیان ، بەرێچوون و پێوەندییەکانی خەڵک هەبووە؟

لەهەموو دنیادا تەنیا لەسەدا ٢٠ی دانیشتوانی گۆی زەوی و لەوانەش بەشێکی بەرچاویان ژیانێکی ئاسودەیان هەیە و دەرفەتی زۆریان لەبەردەمدا کراوەتەوە بۆ دەست پێراگەیشتن بە فێربوون، خانووبەرە و دەتوانن هەموو دڵخوازییەکانیان دابین بکەن. تەنانەت دابەشبوونی سەروەت و سامان لەناو ئەم کەمایەتییە باش ڕابوێرەشدا زۆر ناهاوسەنگ و نابەرابەرە، بەجۆرێک کە دەوڵەمەندترین توێژی سەرەوەیان خاوەنی بەشێکی یەکجار زۆر و زەبەند لە سەروەت و سامانی کۆمەڵگان. تەنیا ٦٩١کەس لە دەوڵەمەندترین کەسەکانی دنیا خاوەنی ٢/٢ تریلیۆن دۆلارن کە بۆخۆی بەقەدەر سەرجەمی بەرهەمی پاک نەکراوی خۆماڵی ١٤٥ وڵاتە، یانی زیاتر لە تێکڕای وڵاتانی ئەفریقایی و ئەمریکای لاتین. ٧/٧ ملوێن کەس لە دەوڵەمەندترین خەڵکی دنیا (ئەوانەی کە زیاتر لە یەک ملوێن دۆلار سەروەتیان هەیە و دەکەنە ٠/١ لەسەدی دانیشتوانی دنیا) سەروەتێکی ٢٨/٨ تریلیۆن دۆلاری، واتە ٨٠ لەسەدی بەرهەمی پاک نەکراوی خۆماڵی هەموو وڵاتانی دنیایان لە ژێر کۆنترۆڵ دایە. ئەم سەروەت و سامانە مەزنە زیاترە لە سەجەمی بەرهەمی پاک نەکراوی کۆی وڵاتانی دنیا جگە لە ئەمریکا.

ئەم هەموو سەروەت و سامانە مەزنەی کە بەرهەم دێت و لە ژێر دەستی کەمایەتییەکدا کەڵەکەکراوە بهێننە پێش چاوی خۆتان، لەولاتریش هەل و مەرجی ژیانی زۆربەی هەرە زۆری مرۆڤایەتی، یان مەحکوم کراوان بە ژیانی کوڵەمەرگی و دۆزەخییانە ببینن کە لەبەر نەبونی و هەژاری بەڕاستی تەکاندەر و دڵتەزێنە. ئەمەیە بیچمی ڕاستەقینەی ژیانێک کە سەرمایەداری بۆ مرۆڤایەتی خوڵقاندویەتی.

لە نزیکەی ٦/٣ میلیارد دانیشتوانی سەرگۆی زەوی، نزیک بە نیوەیان واتە٣ میلیارد ئینسان کەمئەنوا و بێ خۆراکن و بەردەوام لە گەڵ کەمیی کالۆری، پرۆتئین، ڤیتامین و کانزا پێویستەکان بۆ لەش بەرەوروون.[1]

ژمارەیەکی زۆریش دوچاری „نەبوونی ئەمنییەتی خواردن“ هاتوون، واتە نازانن ژەمەکەی دیکەیان لەکویرا دێت و چۆنیان دەست دەکەوێ. بە پێی بەراوردی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دنیادا ٨٤٠ ملوێن کەس (لەوانەش ١٠ ملوێن کەسیان لە وڵاتانی سەرمایەداری پێشکەوتوو) لەگەڵ کەمخۆراکی بەرەوروون. بەڵام ئەمە بەراوردێکی ورد نییە و زۆر کەمترە لە بەراوردی لێکۆڵەرانی دیکە:

- زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی سەر گۆی زەوی ڕۆژانە کەمتر لە دوو دۆلاری ئەمریکایی دەسەڵاتی کڕینیان هەیە.
- یەک میلیارد کەس لە "مەجبورئاواکاندا" دەژین.
- یەک میلیارد ئینسان دەستیان بە ئاوی خاوێن ڕاناگا.

[1]- Gary Gardner & Brian Halwell, Worldwatch Paper #150: Underfed and Overfed (Worldwatch Institute, 2000), http://www.worldwatch.org/pubs/paper/150.html.

- دوو ملیارد ئینسان کارەبایان نییە.
- دوو ملیارد و نیو ئینسان لە ئامراز و پێویستییەکانی لەش ساغی بێبەشن.
- دوو ملیارد منداڵ واتە نیوەی منالانی جیهان لەبەر هەژاری و نەداری، شەڕ و پەتای نەخۆشی(لەوانە ئایدز) لەوپەڕی کەساسی و کۆڵەواریدا دەژین.
- تەنانەت بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی وڵاتانی دەوڵەمەندی سەرمایەداریش ژیانێکی ناسوکنا بەسەر دەبەن. بۆ نمونە هەر لە ئەمریکا ١٢ ملوێن خێزان ژیانێکی نەمرەونەژییان هەیە و ٤ ملوێن خێزان . کە دەکاتە ٩ ملوێن کەس . ڕۆژانە یەک دوو ژەمی خۆیان دەبرن، هەتا ئەوانی دیکەیان خۆراکێکیان هەبێ.[2]

شەر و کوشتار رووکارێکی دیکەی هەلومەرجی ژیانی مرۆڤایەتی لە ژێر سێبەری نیزامی سەرمایەدارییە. ئەم پەتایە لە ماوەی ٢٥٠سال تەمەنی سەرمایەداریی سەنعەتیدا، کوژرانی سەدان ملوێن ئینسانی لیکەوتۆتەوە. داگیرکاری، بەکۆیلەکردن، داپلۆساندن و تواندنەوە و گەلکوژی، شەر و چەوساندنەوە بەشێکی جیانەکراوە لە مێژووی سەرمایەدارییە.

ئاگری زۆربەی شەرەکان لە ئەنجامی تێکهەڵچوونی وڵاتانی سەرمایەداری، بۆ زالبوون بەسەر بازارەکانی دنیا، یان خۆسەپاندن و بە ژێرچەپۆکە هێشێنەوەی وڵاتانی داگیرکراو هەلگیرساون. لە زۆربەی ئەوشەڕانەش دا کە هۆکاری نەتەوەیی و ئائینی لەگۆڕیدابوون، دەست بەسەراگرتنی داگیرکارانە و خۆتێهەڵقورتاندنی ئیمپریالیستیش دەوریان هەبووە. کەڵەکەکردنی سەرمایە ماتۆر و هێزی پاڵ پێوەنەری سەرەکی نیزامی سەرمایەدارییە و پاڵ بە وڵاتانی سەرمایەدارییەوە دەنێ تا دزە بکەنە ناو بازارەکانی دەرەوە وگۆزمی خۆیان لەو بازارە ببەنە سەر. مەبەست و خولیا ئابوورییەکانی وڵاتانی سەرەکی ئیمپریالیستی بۆ وەگەڕخستنی سەرمایەکانیان و ساغکردنەوەی کەلوپەلەکانیان لە دەرەوە بە جۆرێک لەگەڵ دۆز و ڕێبازی

2- Mark Nord, Margaret Andrews & Steven carlson; Household food Insecurity in the United Steates, 2001,US. Department of Agriculture. /http//ers.Usda,gov/Publications/Fanrr35



سیاسی و نیزامی ئەو وڵاتانە ئاوێتەیە کە مەحاڵە لەیەکتر جیا بکرێنەوە. تێکرای ئەم بەرژەوەندییانە لە پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆز، تێکچرژاو و مەتەسیداردا خۆی دەنوێنێ. ئێستا پاش کۆتایی شەڕی ساردیش دۆزی شەڕخوازانە درێژەی هەیە. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زۆر بەخەستی خەریکی ئەوەیە دەسەڵات و هێزی نیزامی خۆی بەچاواندا بدات و لە ئەنجامیشدا کلۆلی و مەینەتی زۆر و زیاتری بەدواوەیە. هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق کوژرانی زیاتر لە سەدهەزار کەس لە خەڵکی ئەو وڵاتەی لێکەوتۆتەوە. ئەمە نیشاندەری خەستی ئەو کارەساتە دڵتەزێنەیە کە بەسەر ئەو خەڵکەیاندا هێناوە.

## ج . پێوەندی نێوان سەروەت و هەژاری

لە نێوان دەسکەوتەکانی سەرمایەداری و داوەشانەکانیدا پێوەندییەکی مەنتقی وجودی هەیە. ئەو هەژاری و مەینەتییەی کە بەشێکی یەکجار زۆروزەبەندی دانیشتوانی دنیای گرتۆتەوە شتێکی بە ڕێکەوت یان دەرئەنجامێکی نەویست و نەخوازراوی ئەم نیزامە نیە کە بکرێ لێرەولەوێ بەدەسکاریکردنێکی هاکەزایی بسرِدرێتەوە. کەڵەکەبوونی سەروەت و سامانی بێئەژمار و ئەفسانەیی ـ وەک دەرئەنجامی راستەوخۆی شێوەی کارکردی سەرمایەداری لە ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی ـ شان بە شانی خۆی برسیایەتی، نەخۆشی، بێ خۆراکی، کەمبوونی ئاو, نەبوونی لەش ساغی و کوێرەوەری بۆ زۆربەی هەری زۆری دانیشتوانی دنیا دەخوڵقێنێ.

بەشێکی گیروگرفتی زۆربەی خەڵکی دنیا دەرئەنجامی کارکردی سیستەمی ئابووری سەرمایەدارییە کە دەرفەتی کار بۆ هەمان ناخوڵقێنێ، بەپێچەوانە دیاردەیەک دەخوڵقێنێ کە مارکس ناوی „ لەشکری داندراوی کار“ ی لەسەر داناوە. بەشێکی زۆری خەڵکی دنیا کە لە هەلومەرجێکی بێدڵنیایی و پرمەترسیدا دەژین، جارێک کارێکیان هەیە و تاوێک بێکارن. کاتێ گەشە و نەشەیەکی کاتیی ئابوری دێتە پێش، پێویستییان بەم کرێکارە ناوبەناوانە هەیە. جاری واشە بۆ کاری نیزامی گەرەکیانن، زۆرجاریش بەتاڵ دەیانهێڵنەوە و هیچ کارێکیان بۆیان نیە. „ لەشکری داندراوی کار“ لە وڵاتانی سەرمایەداریدا بەگشتی لە هەژارترین توێژەکانی ناو کۆمەڵگا پێکدێن، ئەمانە لە دژوارترین

هەلومەرجی ژیان و زۆرجار بێئەنوایی و شپرێویدا دەژین. بوونی ئەم لەشکرە بەبەردەوامی شوێن لەسەر ئاستی حەقدەستی کرێکاران دادەنێ و وەک هۆکارێکی گوشارهێنان دەور دەبینێ بۆ لەخوارەوەڕاگرتنی حەقدەستەکان.[٣]

لە وڵاتانی لاخراوی سەرمایەداریدا چەند هۆکارێک هەن کە بەشێکی بەرچاوی خەلکەکەیان هەروا لە هەلومەرجی دژواری پڕ لەکوێرەوەریدا دەهێڵێتەوە.

- . ڕاکێشانی سەروەت و سامانی ئەو وڵاتانە، کاتێک کە قازنجە گەڕاوەکان بۆ وڵاتی „دایک“ زیاتر بێ لە بارستایی سەرمایەگوزارییەک کە تێیاندا کراوە.
- . ڕاکێشانی و دادۆشێنی سەرچاوە سروشتییەکانی ئەو وڵاتانە بە قازانجی وڵاتانی دەوڵەمەندی ناوەند.
- . بەسترانەوەی قەوارەی ماڵی ئەو وڵاتانە بە بانکەکانی وڵاتانی دەوڵەمەندی ناوەند. بانکەکان قەرز و قۆڵە بەسەر ئەم وڵاتانەدا فەرز دەکەن و بەخۆیانیان دەبەستنەوە و لەم ڕێگایەوە سەروەت و سامانێکی زۆرتریان هەڵدەلووشرێ. بەمجۆرە خەڵکی ئەم وڵاتانە هەردەم زیاتر نەخشی „ لەشکری داندراوی کار“ بۆ سەرمایەی دەرەکی و سەرمایەدارە ناوخۆییەکانیان دەکەوێتە ئەستۆ.

وڵاتانی بەرەوپێشچووی سەرمایەداری لە زۆربەی وڵاتە داگیرکراوەکانی پێشوودا بەدانستە هێزی کاریان  لە ڕێگای لێکترازاندنی جۆری پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و شێوەی ژیانی ئەو وڵاتانە خولْقاند. یەکێک لەو ڕێگایانە ئەستاندنی سەرانە لە جوتیارانی ئە وڵاتانە و بەستنەوەیان بە ئابوری پوڵیی بوو. ریگایەکی دیکەش کە داگیرکەران بۆ ژێروژوورکردنی بارودۆخی کۆمەڵگای جوتیاریی گرتیانە بەر, ئەوە بوو کە زەویداریی  سونەتییان کردە خاوەنداری تایبەتی بە سەر زەوین. بەمجۆرە ژمارەیەکی زۆروزەبەندی وەرزێرەکان پەرتەوازەی شارەکان کران، چونکا ئیتر مافیان (نەسەق) بەسەر

[3] ـ Ferd Magdoff & Harry Magdoff. „ Disposable Workers“ Monthly Review, April 2004.



زەویدا نەما. دیارە لە شارەکانیش کار وەک پێویست دەست ناکەوێ و بەمجۆرە قەیرانێکی گەورەی ئینسانی سەرهەڵدەدا.[٤] سەرەڕای هەموو ئەمانەش دەسەڵاتێک کە لەژێر سێبەری ئەم سەروەتانەدا پێکدێ، توانای ئەوەی هەیە کە سیستمی سیاسی و حقوقی وڵاتانی پەراوێز بە قازانجی درێژەدان بە کەڵەکەکردنی بەردەوامی ئەم سەروەتە و بە زەرەری دابەشبوونەوەی لەناو کۆمەڵگادا ــ کە دەکرا هەر لە کۆمەڵگا بەراییەکاند بەرێوە بچێ ــ بخاتەگەڕ.

سەروەتی وڵاتانی دەوڵەمەند لە ناوەندی سیستمی سەرمایەداریدا هەتا ئەمرۆش زۆر بە توندی بەستراوەتەوە بە مژینی سەرچاوە و سەروەتی وڵاتانی پەراوێز. سەرمایەدارە قەبە و گەورەکانی دنیا لە وڵاتانی دەوڵەمەندی پیشەسازی دانیشتوون، بەڵام سەرمایەکانیان لەسەر بناخەی چەوساندنەوە و قازانج لێکێشانەوە لە هەموو وڵاتانی دنیا کەڵەکە دەکەن. „ سەمیر ئەمین“ ی نووسەر لە کتێبەکەیدا بە ناوی „ کەڵەکەبوون لە ئاستی جیهانی“ ئاوڕ لەم لایەنە دەداتەوە و دەیخاتە روو. وڵاتانی ناوەند ڕێگا بە وڵاتانی قەراغ نادەن کە „زێدە ئابووری“ خۆیان بۆ بەرەوپێش بردنی بەرژەوەندی ناوخۆیی وڵاتەکەیان تەرخان بکەن. بەپێچەوانە بەشێکی زۆری ئەم „ زێدە ئابووری“ یە هەڵدەمژن و بۆ دزەکردن لە شوێنەکانی‌تری دنیا دەیخەنە گەڕ و بۆ ئەم کارەش هەر لە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانە و ئەگەریش نەکرا لە ئەرتەشەکانی ئەمریکا و ناتۆ کەڵک وەردەگرن. لەئەنجامدا ئەم وڵاتە هەژارانە ناتوانن زێدە دەسکەوتی وەچنگ هاتوو لە ئابورییەکانیان بۆ دابینکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتەکەیان بەکار بهێنن. بەپێچەوانە ئەم گوژمەیە دەچێتە گیرفانی دەسەڵاتدارانی وڵاتانی دەوڵەمەند و بەشێکیش بۆ کەلوپەلی خۆپێوەڕانانی دەسەڵاتدارانی گوێ لەمستی ناوخۆیی(بورژوازی کومپرادۆر) سەرف دەکرێ، کە بەرژەوەندییەکانیان لە گەڵ بەرژەوەندی سەرمایەی دەرەکیدا یەکی گرتۆتەوە.

[4] Samir Amin, „World Poverty, Pauperization & Capital Occoumulation, Monthly Review, October 2003, and Ferd Magdoff.” A Precarious existence” Monthly Review, Februari 2004.

سەرمایەداری پیشەیی لە سەرەتاکانی خۆیدا بە ڕێگای جۆربەجۆر ڕەوتی کەڵەکەکردنی سەرمایە لە وڵاتانی پەراوێزی دەبردە پیش وەک:

- تاڵانوبڕۆی ئاشکرای کانزا بە بایییەکان.
- دەست بەسەراگرتنی بەروبومی کشتوکاڵی کە بە کاری کۆیلەیی دەهاتنە بەرهەم.
- کڕین و فرۆشتنی کۆیلە سەرچاوەیەکی دیکەیان بوو کە دەیتوانی کسب و کارێکی بەبرەوی هەبێ.
- لە قۆناغی دواتردا بە چەکی قەرزوقۆڵە و وەگەڕخستنی سەرمایە کەوتنە چنینەوەی قازانج بە شکڵی پوڵ، ئەم شێوەیە بوو بە باو، لەگەڵ خۆشیدا قەیرانی بەردەوامی قەرزوقۆڵەی بۆ زۆربەی وڵاتانی دنیا بە دیاری هێنا.

دیارە لە هەمان کاتیشدا تاڵان و ڕفاندنی سەرچاوە سروشتییەکانی وەک نەوت و بۆکسیت درێژەی پێدرا. „وڵاتانی دایک“ لەسەرەتاکانی سەرمایەداری پیشەییدا هەموو هەوڵی خۆیان خستەگەڕ تا بەری هەرجۆرە بەرهەم هێنان و کسب و کارێک لە ناو وڵاتانی قەراغدا بگرن کە ڕۆژێک لەڕۆژان دەیتوانی ببێتە مێمڵ و مل بە ملەیان لەگەڵدا بکات. هەر بۆ ئەم مەبەستەش بوو کە ئینگلیسییەکان پیشەسازی چنین و ڕستن لە هیندوستانیان تەفروتونا کرد، هەتا خەڵکی هیند بەرە و کڕینی پارچە و قوماشی ئینگلیسی ملکێش بکەن. کەچی هەر لەم دەورانەدا خۆیان بۆ ڕقەبەری لەگەڵ وڵاتانی دەرەکی قایم دەستیان بەسەر پیشە و کسب و کارەکانیاندا گرتبوو تا کەس لێیانەوە فێر نەبێ و نەتوانن بەربەرەکانێیان بکەن. بەڵام ئێستا دەور گۆڕاوە، هەر ئەم وڵاتانە و پیشەسازییە مەزنەکانیان کە پێویستییان بەوە هەیە هەرچی زۆرتر خۆ بخزێننە ناو وڵاتانی قەراغ، دەم بە دەم لە ڕێگای دەوڵەتەکانیان و ڕێکخراوە"نێونەتەوەیی"ەکانیان کە پارێزەریانن، دەم لەسەر پشت کوورەی "بازرگانی ئازاد" دەدەمێنن و بەمدەست و بەو دەست پێشنیاری دەکەن. ئەمە لە حاڵێکدایەکە هەر ئێستاش زۆر ریاکارانە و فێڵبازانە بەرگری لە بەرژەوەندی تایبەتی پیشەسازیەکانیان ـ چ لە ناوخۆ و چ لە مامەڵەکردن لە گەڵ وڵاتانی



دیکەدا دەکەن و گوێشیان بۆ „بازرگانی ئازاد“ ناجوڵێ. ئێستا شەپۆلێکی تازەی بەرینکردنەوەی جیهانیی سیستەمی سەرمایەداری لە گۆڕیدایە کە تێیدا دەستی سەرمایە زیاتر لە هەموو کات ئاوەڵە کراوە بۆ ئەوەی سەر بە هەموو کونێکی ئەم جیهانەدا بکات. ئێستا لەم ڕەوتەدا بەلێشاو هەندێک کەلوپەل لە وڵاتانی دیکە بەحەقدەستی گەلێک کەمتر دێنە بەرهەم، کە پێشتر لە وڵاتانی ناوەند بەرهەم دەهاتن. ئەم دیاردەیە دوو مەبەستی خستۆتە پێش چاو؛

١. ـ لەسەرێکەوە بوارێک دەخولقێنن بو بەرهەم هێنانی کەلوپەل بە نرخێکی کەمتر لەو ڕەقیبانەی کە هێشتا لە وڵاتانی ناوەند چەرخی کارگەیان دەگەڕێ و بەرهەمی دەهێنن.

٢. لە لایەکیدیکەش ڕێگایەک بۆ سەرڕێژ کردنی بەروبومەکان بۆ ئەو وڵاتە و وڵاتانی دەوروپشتیان دەکەنەوە کە ئێستا بونەتە خاوەنی توێژێکی تازە پێگەیشتووی دەوڵەمەند کە دەسەڵاتی زیاتریان هەیە بۆ کڕین. ڕێگەیەکی دیکەش بۆ دەستەبەرکردنی مۆڵدانی سەروەت و بەرهەم هێنانەوەی لە وڵاتانی ناوەند ئەوەیە کە کەلوپەلی هەرزانبایی دەرەکی بهێننە ناوەوەی وڵات کە بە چەوساندنەوەی توندوتیژ لە کاری هەرزانبایی وڵاتانی قەراغ بەرهەم هاتوون.

نیزامی سەرمایەداری بەهەموو ئامراز و دەستاژۆ جۆربەجۆرەکانی خۆیەوە، هەر لە تاڵان و برۆی ئاشکرا و دەسەڵاتی داگیرکارانەی ساڵانی یەکەمیەوە بگرە هەتا ڕایەڵ و پۆکانی ئیمپریالیستی قۆناغی پێگەیشتن، درێژەی بە دوو ڕەوتی لێک هەڵپێکراو داوە: یەکەم بەرهەم هێنانەوەی سەروەت لە وڵاتانی ناوەند. دووهەم بەردەوام کردنەوەی دواکەوتوویی و برینی هەناسەی وڵاتانی قەراغ. هەروەها ئەم نیزامە یارمەتی دەدات بە بەرهەمهاتن و هاتنەوەی قەوارەی چینایەتی لە وڵاتانی جۆربەجۆر، لەوانە سازکردن و داچنینی دەسەڵاتداری گوێ لەمست لە وڵاتانی قەراغ کە حسابی بانکییان لە دەرەوە هەیە و بڕوایان بە دەسەڵاتی نیزامی ئەمریکا هەیە.

بەرهەم هێنان و هێنانەوەی وەها قەوارەیەکی چینایەتی و „ ئەرتەشی داندراوی کار“ کە هەمیشە لەبەر دەستاندایە، ئەو مانایە دەبەخشێ کە لە

سیستمی سەرمایەداریدا بەردەوام بێعەدالەتی لەرادەبەدەر وجودی هەیە و بەرهەم دێتەوە. هەروەها بوونی قەوارەی توێژاڵ توێژاڵی لەسەرەوە بۆ خوارەوە و چینەکان بەو مانایەیە کە جیاوازی و ناتەبایی لە هەموو ئاستێکدا وجودی هەیە و زۆربەی هەرە زۆری خەڵک لە ئامرازێکی بەبرشت و کارای دەسەڵات بۆ نەهێشتنی بێعەدالەتی بێبەشن. دابەشبوونی سەروەت لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نمونەیەکی ئاشکرای بێ عەداڵەتییە. سەروەتی لەسەدا ٨٠٪ی خەڵکی خوارەوەی ئەمریکا کەمترە لە سەدا یەکی نیوەی خەڵکی سەرەوەی ئەم کۆمەڵگایە و٤٠٪ی خوارەوەی خێزانە ئەمریکاییەکان تەنیا خاوەنی٠/٣٪ی گشت سەروەتی کۆمەڵگان.

سەرباری ئەو جیاوازییانە، جیاوازی لە نێوان تیرە و نەتەوەکانیش لە گۆڕیدایە. بۆ نمونە لە ساڵی ٢٠٠٠دا ڕادەی ناوەندی سەروەتی پوختەکراوی خێزانە سپی پێستەکان ٨٨٠٠ دۆلار بوو. ئەم پارەیە ١١ قات لە خێزانە لاتینییەکان و ١٦ قات لە خێزانە بە ڕەچەڵەک ئەفریقاییەکان زیاترە.[5]

**دابەشبوونی سەروەتی پوختەکراو لەناو خێزانە ئەمریکاییەکان ـ ساڵی ٢٠٠١**[6]

| ژمارەی خێزانەکان (لەسەدا) | ڕادەی سەروەت (لەسەدا) |
| --- | --- |
| ١ ٪ی سەرەوەی خێزانەکانی ناو کۆمەڵگا | ٣٣/٤٪ی هەموو سەروەت و سامانی کۆمەڵگا |
| ٥ ٪ی ..... .... ...... ..... | ٥٩/٢٪ی ... ... ... ... |
| ١٠ ٪ی ..... .... ...... ..... | ٧١/٥٪ی ... ... ... ... |
| ٢٠ ٪ی ..... .... ...... ..... | ٨٤/٤٪ی ... ... ... ... |
| ٨٠ ٪ی خوارەوەی ..... ..... ..... | ١٥/٥٪ی ... ... ... ... |
| ٤٠٪ی ..... .... ...... ..... | ٠/٣٪ی ... ... ... ... |

لە سەدا ١٣ی خێزانە سپیپێستەکان هیچ جۆر سەروەت و سامانێکیان نیە، بەڵام لەولاوە یەک لەسەر سێی هەموو خێزانە لاتینی و خێزانە بە ڕەچەڵەک ئەفریقاییەکان بێبەشن لە هەر جۆر سەروەت و سامانێک. هەر لەم

[5] Wealt Gap Among Races Widens in recession „- Assoclated Press, Oct. 18,2004.

[6]Changes in Household Wealth in the1980s and 1990s in the U.S "in Edward N .Wolff, ed," (International Perspectives on Household Wealth) Elgar Publishing LTD, Forth Coming



ساڵەدا داهاتی خێزانە بە ڕەچەڵەک ئەفریقاییەکان نزیکەی نیوەی داهاتی سپیپێستەکان بووە و ژمارەی ئەو پیاوە سپیپێستانەی کە کاریان دەست دەکەوێ لە چاو پیاوە بە ڕەچەڵەک ئەفریقاییەکان زۆرترە، ٧٦ بە ٦٧٪ .[7]

زۆر پێویست بەوە ناکات جیاوازی سەرسوڕهێنەری نێوان سەروەتی نەتەوەیی وڵاتانی سەرمایەداری زۆر پێشکەوتوو و وڵاتانی قەراغ وەبیربێنینەوە و قسەی لەسەر بکرێ، ئامار و سەرژمێرییەکان بۆخۆیان هەموو شتێک دەڵێن: ئاستی ناونجی بەرهەمی پوختەنەکراو و سەرانەی وڵاتانی پێشکەوتوو نزیکەی سی هەزار دۆلارە، بەراورد دەکرێ کە لە ئەمریکای لاتین و ناوچەی کارائیب شەش هەزار دۆلار، لە ئەفریقای باکور چوارسەد و لە بەشی باشوری ئەفریقا دوو هەزار دۆلار بێت. خراپی ئەو جۆرە سەرژمێرییانە لەوەدایە کە گشتییە و خراپترین ئاستەکان دەشارێتەوە. چونکا بەرهەمی پوختەنەکراو لە هائیتی ١٦٠٠دۆلار، لە ئەتیۆپی ٧٠٠ دۆلارە و داهاتی سەرانەی هەر شەش وڵاتی باشوری ئەفریقا دەوروبەری شەش سەد دۆلارێک دەبێ. وڵاتە دەوڵەمەندەکانی دنیا ١٥ لەسەدی دانیشتوانی گۆی زەوین، بەڵام ٨٠ لەسەدی بەرهەمی پوختەنەکراوی نەتەوەیی هەمو دنیا هیی ئەمانەیە. لە لایەکی دیکەش هەژارترین وڵاتان کە ٦٠ لەسەدی دانیشتوانی دنیان تەنیا ٣ لەسەدی سەروەتی دنیایان هەیە.

## د . تێکدان و کاولکردنی ژینگە

لە کۆمەڵگاکانی بەر لە سەرمایەداریشدا ژینگە تووشی داروتاندن و تێکچوون هاتووە. بەڵام ئەمرۆ هەرچەند تێگەیشتوویی لەم بابەتەوە هەیە کە هەڵسووڕانی نابەجێی ئینسانەکان لەسەر سروشت دەتوانێ چ ئاسەوارێکی خراپ بە جێبێڵێ، کەچی دەبینین ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا تا دێ بەرفراوانتر دەبێتەوە. وەک وترا هاندان بۆ قازانجی پتر و کەڵەکەکردنی سەرمایە ئامانجی سەرەکی چالاکیە ئابورییەکانە و بەرژەوەندی ئابوری کۆنترۆڵی خۆی بەسەر ژیانی سیاسیدا دەسەپێنێ. ئەمە لە لایەک، لە

[7] /Economic Report to the President. http//www.gpoaccess.gov/eop 2005

لایەکی‌دیکەش زانیاری و تکنۆلۆژی لە کۆمەڵگای سەرمایەداری لەڕادەبەدەر و بەپەستا گەشەی کردووە و دەست وباڵی „کەسەکانی“ کردۆتەوە تا ژینگەی خۆیان و تەنانەت دەور و بەرکانیشیان بگۆڕن. ئەم دوو لایەنە پێکڕا چ بیانەوێ یان نەیانەوێ شۆێنەوارێکی یەکجار خراپ و ناڵەبار لەسەر ژینگە دادەنێن. بەم مانایە بەجێهێشتنی ئاسەواری خراب لەسەر سروشت لەم سیستەمەدا لەچارنەهاتووە. چەپەڵبوونی ئاو، هەوا و خاک دەرئەنجامی سروشتیی ئەو سیستمە بەرهەم هێنەرانەیە کە قازانج تاقە رووگە و ئامانجیەتی.

بەپێی لۆژیکی بەرهەمداریی و ئاڵوویری سەرمایەداری، هیچ مکانیزمێکی ناوخۆیی لەناو ئەم سیستەمەدا نیە کە پیشەسازییەکان هان بدات یان ناچاریان بکات هێندە دەست لە ژینگە نەوەشێنن و هەوڵ بدەن ریگەیەک بدۆزنەوە تا کەمتر زەرەری بەربکەوێ. بۆ وێنە خلتەیەکی زۆری کەرەسەی کیمیایی نوێ کە بۆ سازکردنی کەلوپەلی پیشەیی بەکەڵکن بەردەوام دەرژێتە ناو ژینگە، بەبێ ئەوەی بەتەواوی لێکدرابێتەوە کە دەتوانێ چ زەرەرمەندییەکی بۆ ئینسان و زیندەوەرەکانی‌تر هەبێ. ئێستا زۆر وێستگەی وزە هەن کە بە بەردە خەڵوز کار دەکەن، جیوەیەک کە لەم وێستگانە دێتە دەر، سەدان مایل لەولاتریش ئاوی دەریا و ڕوبارەکان پیس دەکات. ئێستا کەڵک وەرگرتنێ بەردەوام و نابەجێ لە „ئانتی بیوتیک“ و تێکەڵکردنی شتی‌تر بە خواردەمەنی ئاژەڵ و پەلەوەر، کە خۆیان لە شوێنی بەتەسک و تەنگەبەردا ڕاگیراون، سەرهەڵدانی میکرۆبی جۆربەجۆری بەدواوە بووە کە لەبەرامبەر „ئانتی بیوتیک“دا گیان سەختن. بەکارهێنانی ئەوجۆرە تکنیکانە بۆ دابەستەکردنی ئاژەڵ و پەلەوەر، لەهەموو ڕوویەکەوە نابەجێ و نەشیاون و دژن بە پاراستنی ژینگە. بەلام بۆ سەرمایە قەیدی نیە، گرینگ ئەوەیە کە بەسود و پڕقازانجن. سەرەڕای ئەوەش بەرفراوانبوونی کۆمەڵگایەکی وەک ئەمریکا لەسەر ئەساسی ماشین دەرئەنجامێکی گەلێک زیانباری بۆ ژینگە هەبووە و بۆتە هۆی پێکهاتنی ناوچەی بەربلاوی نیشتەجێ بوونی ئاوسارپساو لە دەوروبەری شارەکان و گەلێک"گەورەشاری" چروپری لێکەوتۆتەوە کە لانی کەمی مەودای نێوانیان



تێکچووێ. بەفیرۆدانی سوتەمەنی لەبەر بەکارهێنانی زۆری ئامرازەکانی هاتووچوو لە ماڵەوە بۆ شوێنی کار بەشێکی بچوکی تەنگ و چەڵەمەکانی ئەو ژیانەیە. ژمارەیەک لە شار کاردەکەن، هەندێک لەدەری شار، زۆربەی فرۆشگە گەورەکان گوێزراونەتەوە بۆ دەری شار کە هەموان ماشینیان گەرەکە. هاتووچووی منالان بۆ خوێندنگە و شوێنی کایە و وەرزش لە شوێنی ئەمپەڕ و ئەوپەڕیش بەبێ ماشین سەرناگرێ و بۆ هەموو ئەمانەش دەبێ بەهەوانتەی بەنزین و سوتەمەنی‌تر مەسرەفک بکرێ.

گۆڕانی ئاووهەوا و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای زەوین، ئەنجامێکی دیکەی کەڵک وەرگرتنی بێ سنورە لە سەرچاوە سروشتییەکان. ئەمە هەرچەند بە وردی بەراورد ناکرێ، بەلام بێگومان ئاسەوارێکی تەواو زیانبار دادەنێ. ئێستا زۆربەی کارخانەکان، وێستگەکانی وزە، ماشین و بارهەڵگرەکان سوتەمەنییەکی یەکجار زۆری فوسیلی واتە نەوت و گاز بەکار دەهێنن، کە بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی „ دوئۆکسید کەربۆن“ی هەوا. ئێستا دڵەڕاوکێی ئەوەش هەیە کە بەرزبوونەوەی بەردەوام و بەرەبەرەی پلەی گەرما بە شێوەیەکی ڕێژەیی گۆڕانکاری گەورەی لێبکەوێتەوە، وەک توانەوەی سەهۆڵەکانی قوتب، گۆڕانی ڕێژەی باران و بەفر، ئاوڕێژگەی رووبارەکان و وەستانی ڕەوتی ئاوی گەرمی زێ گەورەکان (کە گۆلف ستریم بەشێکیەتی). ڕەوتی ئاوی گەرم بەرەو باکوری ئۆقیانوسی ئەتڵەس یارمەتی بە گەرم ڕاگرتنی باکوری ئوروپا و ئەمریکا دەدات[8].

ئێستا لە رۆژئاوا بۆچونێکی بەهێز هەیە کە پێیوایە; خوا گۆی زەوی بە خەڵک بەخشیوە تا کەڵکی لێوەربگرن. سەرچاوەی ئەم بیرۆکەیە دەگەرێتەوە بۆ ئنجیل کە لەبەشی „خولقاندن“ Genesis ( ٢٨:١) دا دەڵێ: „ خوا ئادەم و حەوای بەرەلاکرد و پێی وتن برۆن، بە بەهرەبن، زاوزێ بکەن، عەرز پڕ بکەن لە منالەکانتان و زەوی بخەنە ژێر رکێفتان، خۆتان بەسەر ماسییەکانی دەریا، پەلەوەرەکانی عاسمان و هەر زیندەوەرێکی سەرعەرزدا زاڵ بکەن.“ ئەمە

8- „The Pentagon and Climate Chenge „Monthly Review, May 2004

رووکارێکی دیکەی مەترسییەکانی بۆچونی سەرمایەدارییە کە زیاتر هەرەشە لە ژینگە دەکات.

لەم بەینانەدا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رەگەیەکی ژاراوی قینەبەریکردن لە گەڵ لایەنگرانی ژینگە لە لایەن ئینجیلیستەکان ( پرۆتستانە دەمارگیرەکان)وە دەبیندرێ. ئەمانە لەو بڕوایەدان کە رۆژی قیامەت نزیک بۆتەوە و ئیتر فەرق ناکات کە چیی بەسەر سەرچاوە سروشتییەکان یان سیستمەکانی پاراستنی ژین لەسەر عەرزدا دێت.[9]

## سەرچاوە سروشتییەکان سنووردار و بەرتەسکن

ئەو نیزامەی کە بەپێی سروشتی خۆی دەبێ پەرەبستێنێ و خۆی بڵاوبکاتەوە، سەرئەنجام لەگەڵ ئەو راستییەشدا بەرەورو دەبێتەوە کە سەرچاوە سروشتیەکانی گۆی زەوی سنوردارن. ئاو، هەوا و خاکی گۆی زەوی تا کاتێک دەتوانن بە باشی کەڵک بە زیندەوەرەکانی سەر عەرز بگەیەنن کە زۆر پیس نەکرابێتن، ئاخر خۆ سروشتیش لە پرۆسسی خۆژیانەدنەوەیدا هەر تا ڕادەیەک دەتوانێ پیسایییەکان بپاڵێوێ و ئاسەوارەکانیان پووچەڵ بکاتەوە. جگە لەمەش بەشێک لە سەرچاوە سروشتییەکانی وەک سوتەمەنی(نەوت و گاز)، ئاو(بۆ کشت و کاڵ)، لێرەوار بۆ دار و کاغز و هەروەها کانزاکانی وەک بەردئاسن و بۆکسیت و هیتر کە لە ڕەوت و پرۆسەی بەرهەمداریدا مەسرەف دەکرێن، هەتا هەتایی نین. روپێوی برێک لەو سەرچاوانە وەک لێرەوارەکان و ماسی دەریاکان سنوردارن. ئەگەر بە پێی بەرنامە لەم سەرچاوانە کەڵک وەربگیردرێ، واتە بەپێی هەلومەرج و بەدانستە بێت، دەکرێ کەم نەکەن و توانای خۆبوژانەوەیان بمێنێ. بەڵام سەرچاوەکانی دیکەی وەک نەوت و گاز و کانزاکان و سەرچاوەکانی ئاوی ژێرزەوی لە بیابانەکان فەرق دەکەن، ئەمانە سنوردارن، ناژییەنەوە، هەر ئەوەن کە هەن و پاشەکەوت کراوی سەردەمەکانی پێش مێژوون، دەبێ دەستیان پێوە بگیردرێ و زۆر بەدانستە کەڵکیان لێوەربگیردرێ.

[9] - (Bill Meyers „ Welcome to Doomsday “ New York Review of Books 52 , No 5 ) March 24, 2005



سەرمایەدارەکان بە گشتی لە چالاکییەکانییاندا کورت بینن، زیاتر هەر داهاتویەکی کورت، ئەوپەڕەکەی سێ تا پێنج ساڵەیان لەبەر چاوە. چونکا نازانن و بە وردی پێشبینی ئەوە ناکەن کە کار و کاسپییەکەیان ــ وەک قۆناغەکانی داهاتووی چەرخی ئابوری، ململانێ لەگەل شیرکەتەکانیتر، نرخی کەلوپەل و پێداویستییەکانی دیکە و هیترــ چیی لێ بەسەر دێتەوە. هەڵبەت پاڵەپەستێ و تەوژمی بازارەکانی بۆرسیش کە بەشوێن قازانجی بە هەڵپە و هەوانتەدا دەگەڕێن، لەو ڕەتەدا کاریگەریی خۆی هەیە. ئەمانە دەبێ هەروا بکەن، چونکا زاتی سیستەمەکە ئەوەیان لێدەخوازێ. هەر بۆیە بە بێ گوێدان بە سنورداربون و ئاستەنگیەکانی سەر رێگای سەرچاوەکانی سروشت، بەجۆرێک لە گەڵ سروشتدا دەجوڵێنەوە کە ئەننەهوو ئەم سەرچاوانە لەبڕانەوە نەهاتوون. لەم رووەوە سەرمایەدارەکان هەر خۆیان چاو لێیە وتەنیا قازانج و کەڵەکەکردنی سەرمایە دەبینن. لەم رووەوە هەر بڕیارێک کە بیدەن قازانجی خۆیان و زەرەری گشتی کۆمەڵگای تێدایە. کەمبوونەوەی بەرچاو، یان هەر قڕتێکەوتن لە چەندها جۆری ماسی ناو ئۆقیانوسەکان نمونەیەکی زیندو و بەرچاوی ئەو هەلسوکەوتە خۆویستانەی سەرمایەدارییە. بەرژەوەندی کورت ماوەی یەکە یەکەی خاوەن پاپۆڕە ماسیگرەکان لەوەدایە کە بە پەستا ماسییەکی زۆر و زەبەندتر بگرن، ئەمانە هەر وەک کارخانەیەک چاو لە کارەکەی خۆیان دەکەن و پاش ئەوەی ماسییەکانیان گرت لە ساردخانەکاندا ڕەقیان دەکەن، هەتا دواتر هەر لەبەرەوە فریای بازاریان بخەن. ئەگەرچی تەماع و چاوبرسییەتی سەرمایەدار هیچ سنورێکی سروشتی ناناسێ، بەڵام ئاشکرایە و هەموان دەزانن کە بەشێکی زۆر لە سەرچاوەکان و لەوانە بەرهەم هێنانەوەی دەریاکان سنوردارن.

مەسرەفکردنی ئاو بۆ کاروباری کشتوکاڵ شتێکی ئەمرۆیی نیە و هەر لە کۆنەوە باو و پێویست بووە. بەڵام تەنیا هەر لەم ٥٠ ساڵەی دوایی‌دایە کە سنوری سروشتی خۆی تێپەڕاندووە. ئێستا کەڵک وەرگرتن لە هەندێک لە ڕێژاوەکان و دەریاکان گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی. بۆ نمونە ئێستا لە وڵاتی چین ئەوەندە لە ئاوی روباری زەرد کەڵک وەردەگیردرێ کە ساڵی وایە

شتێکی ئەوتۆی ناچێتە ناو دەریاوە. ئێستا ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ زیاتر کەڵک لە ترومپای بەهێز و بەهێزتر بۆ ڕاکێشانی سەرچاوەکانی ئاوی ژێر زەوی وەردەگیردرێ. ئەم کەڵک وەرگرتنە گەیشتۆتە ئاستێکی زۆر زیاتر لەوەی کە باراناو بتوانێ جێگاکەی پڕ بکاتەوە. لەبەرامبەر ئەم وەزعەدا کەسانێک هاتن و دەنگی ناڕەزایەتیان هەڵبڕی و وەبیریان خستەوە کە ڕادەی دەرکێشانی ئاو لە سەرچاوەکانی ئاوی ژێر زەوی „ئۆگالالا“[10] زۆر زیاترە لەوەی کە جێگاکەی پڕببێتەوە. ئەمانە دەیانوت ئەم کارە ناتوانێ لەوە زیاتر درێژەی هەبێ، مەگەر ئەوەی کە هەر ڕۆژ بیری قوڵتر لێبدرێ، ئەمەش تا کەی؟ ڕۆژێک دەبێ ئیتر کۆتایی پێ بێت، مەگەر تا چەند بەقوڵایی ناخی عەرزدا دەچنە خوار؟ کەچی هەر ئەم کەسانە لە لایەن پارێزەرانی سیستمی سەرمایەدارییەوە کە هیچ سنورێک بۆ بەرتەسککردنەوەی چالاکییەکانیان ناناسن، بە کمونیست تاوانبار کران، ئەمە خۆی نیشانی دەدات کە هەر تەنانەت بیرکردنەوە لەسەر ئەم بابەتەی کە چالاکی ئابوری سنوردارە و ئاستەنگی لەپێش دایە، تا چ ڕادەیەک دەبێتە دژە سەرمایەدارانە (uncapitalistic).

کەس بە تەواوی نازانێ کە ئەم سەرچاوە قەرەبونەکراوانە کەی کۆتاییان دێ و چەندە دەخایەنێ هەتا ببڕێنەوە. ئەمە گرێ دراوەتەوە بە گەورەیی سەرچاوەکان و ڕادەی لێدەرهێنانیان. هەرچەند هەندێک لە سەرچاوەکان سەدان ساڵی تریش بنیان نایەت (ئەویش ئەگەر بەقەدەر ئەمرۆیان لێ دەربهێندەیێن) بەڵام سنوورە کۆتاییەکانی هەندێک سەرچاوەی زۆر گرینگی وەک نەوت و کانزاکانیتر هێندە دوور نیە. بۆ نمونە وا بەراورد دەکرێ کە سەرچاوەکانی نەوت، ئەوەی تا ئێستا دۆزراونەتەوە هەر بەشی پەنجا ساڵی داهاتوو دەکات، تازە ئەویش ئەگەر هەر بە قەدەر ئەمرۆیان لێدەربهێندرێ. لە ساڵی ٢٠٠٣دا ڕێژەی پاشەکەوتی سەرچاوەکان بەپێی دەرهێنانی ساڵانەی لەچاو ساڵی١٩٨٩ سێ ساڵ هاتۆتە خوار، یانی لە

١٠- (Oglala) هەر لە "داکوتا"ی باشور هاتا قەراغەکانی تکزاس درێژەی هەیە.



٤٤ساڵەوە بۆتە ٤١ ساڵ[11]. ڕادەی دەرهێنانی بەردی ئاسن ــ کەرەسەی سەرەکی بۆ بەرهەمهێنانی ئاسن و پۆڵای بەکارهاتوو– لە ماوەی یەک ساڵدا (٢٠٠٣_٢٠٠٤) لەسەدا شانزدە چۆتە سەر. ئەگەر دەرهێنانی ئەم کەرەسە خاوە ساڵی ٧٪ بچێتەسەر، هەموو سەرچاوە ناسراوەکانی تا ئێستا نزیکەی ٦٤ ساڵ بەرگە دەگرن.

سیستەمی سەرمایەداری تەنیا لەپێناو گیرفانی هەراوتر و قازانجی زیاتر و بە پێی یاسای بازار ـ واتە دەسەڵاتی بەهەڵپەی دەوڵەمەندەکان ـ دەڕوانێتە سەرچاوەسروشتیەکان و گوێ بەوە نادات کە سنوردار و بەرتەسکن. لەم سیستەمەدا بازار دیاری دەکات کە چۆن کەلوپەل و سەرچاوەکان دابەش و دیاری بکرێن. لەم ڕوانگەدا هیچ شێوەیەکی بەئاوەزانە لە گۆڕیدا نیە کە پێداویستە سەرەتاییەکان دیاری بکات تا بکرێ لەگەڵ ئەو قەیران و ئاستەنگانەدا بەرەورو ببنەوە. ئەو کاتەی کە لە داهاتوویەکی نەک زۆر دووریشدا ڕادەی هەڵێنجانی سەرچاوەکانی وەک نەوت دێتەخوار، گوشاری بەرزبوونەوەی قیمەتەکان زیاتر و زۆرتر دەکەوێتە سەر ئەوکەسانەی کە هەتا ئەم دواییانەش جێگەی شانازی سەرمایەداری جیهانی بوون، واتە کرێکارانی چینی ناونجی وڵاتانی ناوەند و باری سەر شانیان قورس و قورستر دەکات.

11 – (British Petroleum, Statistical Review of World Energy 2004, http://www.bp.com)